# رووداوە گرینگەکانی جیهان لەساڵی ٢٠٠٨دا

ئولەمپیکی پیکەن، دەست لەکارکێشانەوەی فیدل کاسترۆ و پەرویز موشەرەف، دەستبەسەرکرانی رادون کاراجیچ لە گرینگترین رووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٨ بوو. بەڵام بێشك هیچ رووداوێك بەرادەی سەرکەوتنی باراك ئۆباما لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئەمریکا دەنگی نەدایەوە. با چاوێك بخشێنین بە گرینگترین رووداوە گرینگەکانی ساڵی ٢٠٠٨.

**ئاسیا:**

**ئولەمپیکی پکەن:**

بیست و نۆهەمین یاریەکانی ئولەمپیك لە ساڵی ٢٠٠٨ لە وەڵاتی چین بەڕێوە



چوو. شاری پکەن ئەوکاتە زیاتر لەهەر کاتێك کەوتە ژێر چاودێریی وڵاتان. مەسایلی ئەمنیەتی، پیسبوونی ژینگە دیارتر لەوانە رەخنە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە چین، ئولەمپیکی خستبووە ژێرچاوەدێریەوە. بەڵام کێبەرکێی وەرزشی ئولەمپیك نەیتوانی ئەو کارەساتی روودانی بوومەلەرزە کە چەند مانگ پێشتر لە باشووری رۆژئاوای وەڵاتی چین بووە هۆی لەناوچوونی ٨٠٠٠ کەس لەبیر بەرێتەوە.

**لافاو لە وڵاتی برمە:**

دژکردەوەی دەستبەجێی کاربەدەستانی چین لەگەڵ هاوتاکانیان لە وەڵاتی بێرمە بەتەواوی جیاواز بوو. لە دوای روودانی ئەو توفانە بەهێزەی کە بوو بەهۆی مردنی سەدان هەزار کەس، کاربەدەستانی ئەو وەڵاتە نەیانهێشت یارمەتیە نێودەوڵەتیەکان بێن بۆ برمە. بان کی مۆن سەرۆکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەردانی ناوچەی "ئیراوادیی" کرد تا بە زوویی یارمەتی بەو ناوچەیە بگات. ئەو ناوچەیەی کە بەهۆی روودانی لافاو بەتەواوی وێران بوو.

**خۆپیشاندان لە تایلەند:**

لە تایلەند گرتنی سەرەکیترین فرۆکەخانەی ئەو وەڵاتە لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە بوو بەهۆی ئەوەی سێ سەدهەزار کەس گەشتیار سەرگەردان بمێننەوە. نارازیەکان کە لە ئەندامانی حیزبی "بەرەی خەڵك بۆ دێموکراسی" بوون، پێیان وابوو کە "تاکسین شیناواترا" سەرۆك وەزیرانی پێشوو و هاوپەیمانەکانی بەرنامەیێکی نهێنییان بۆ گۆڕینی نیزامی حکوومەتی تایلەند لە پاشایەتیەوە بۆ کۆماری هەیە. لەدوای چەند مانگ تێکگیران، رێبەری دێموکراتەکانی حیزبی دژبەر، گەیشتە پلەی سەرۆك وەزیران.

**پاکستان: دەست لەکارکێشانەوەی موشەرەف لە دەسەڵات**

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨دا کە پاکستان لە شۆکی تیرۆری بێنەزیر بۆتۆسەرۆك وەزیرانی پێشووی ئەو وەڵاتەدابوو، هەڵبژاردنی پارلمانی لە مانگی فێوریەدا



بەرێوەچوو. دوو حیزبی سەرکیی دژبەر، "حیزبی خەڵك و حیزبی موسلیم لیگ" دەوڵەتی هاوبەشیان پێك هێنا. ئەگەرچی ئەو دوو حیزبە بۆ لادانی موشەررەف لەگەڵ یەکتری هاوکارییان دەکرد، بەڵام چونکە پێشینەی رکابەری و دژایەتیی زۆریان لەگەڵ یەکتری هەیە، هاوپەیمانییێکی شکێنەریان لەنێوان پێکهات یەك مانگ لەدوای دەست لەکارکێشانەوەی پەرویز موشەررەف، ئاسف عەلی زەرداوی رێبەری حیزبی خەڵك لەلایەن پارلمانی میللی و چوار ناوەندی ئوستانیەوە کرا بە سەرۆك کۆماری پاکستان.

**ئەفغانستان: پیلانی کوشتنی حامید کەرزای**

لە ئەفغانستان حامید کەرزای سەرۆك کۆماری ئەو ولاتە، لە هێرشێکی چەکداری لە مەراسمێك بەبۆنەی ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی موجاهدین لە کابولدا رزگاری بوو. مانگێك پێشتر هێزەکانی سەر بە تالیبان بە تەقاندنەوەی زیندانێك لە قەندهار ٣٥٠ شەڕکەری تالیبانیان ئازاد کردبوو. لە ساڵی ٢٠٠١وە کە هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ مەئمووریەتەکانی خۆیان لە ئەفغانستان دەستپێکرد، ساڵی ٢٠٠٨ خوێناویترین ساڵ دێتە ئەژمار.

**بەمبەئی: هێرشی شەڕخوازان**

لە٢٦ی مانگی نوامبردا لە هێرشێکی خوێناویی چەکداران بۆسەر دوو هوتێل، هەروەها وێستگەیێکی ناوەندی و ناوەندێکی یەهوودی لە بەمبەئی لانیکەم ١٧٠ کەس تێیدا بوونە قوربانی. هیند بەرپرسیارەتیی ئەو هێرشەی خستە ئەستۆی شەڕخوازانی ناسراو بە لەشکری تەیبە کە لەناو خاکی پاکستاندان. گرژیی نێوان هیند و پاکستان بە جۆرێك زیادی کرد کە هەردوو وڵات بە ناردنی هێزی زۆر



بۆسەر سنوورەکانی نێوانیان، تا نزیکبوونەوەی شەڕێکی نوێ چوونە پێش.

**ئافریقا:**

**بوونی چەتەی دەریایی لە کەنارەکانی سووماڵی:**

لە ساڵی رابردوودا چەتە دەریاییەکانی سووماڵی بە دەیان کەشتییان لە ئاوەکانی کەناری سومالی دایە بەرهێرش و رفاندوویانن. ئاوەکانی کەناری سومالی لەسەر ئەو کەشتیانەیە کە بە دەریای سوور و ئەقیانووسی هیند تێدەپەڕن و دەوڵەتی سومالی لە توانای دانیە سنووری ئاوی کە ١٨٠٠ مایل درێژە، بە تەواوی



لەدەست چەتەکان بپارێزێ. شورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ئیمزای بڕیارنامەیێك داوای بەرەنگاریی چەتە دەریاییەکان لە ئاوەکانی ولاتی سومالی بوو. بەپێی ئەو بڕیارنامەیە ئەو ولاتانەی کە لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی سومالی رێکەوتننامەیان ئیمزا کردووە، دەتوانن تا شەش مانگ ناوگانە دەریاییەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاریی ئەو چەتانە بنێرنە ئاوەکانی ولاتی سومالی.

**دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور:**

"تابو امبکی" سەرۆك کۆماری ئەفریقای باشوور کە بۆ چارەسەری ناکۆکیەکانی موگابە و چانگزای ناوبژیوانیی دەکرد، بە رەسمی لە پۆستی سەرۆك کۆماریی ئەفریقای باشوور کشایەوە.

**رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: دوایین سەفەری جۆرج بوش بۆ عێراق:**

لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٨دا جۆرج بوشی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بۆ دوایین جار هاتە عێراق. ولاتێك کە شکلی بە



کارنامەی سەرۆك کۆماریی وی بەخشی. لە کۆنفرانسی رۆژنامەوانیی بوش لەگەڵ نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق، هەواڵنێرێکی عێراقی بەنیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بەبۆنەی هەبوونی هێزی نیزامیی ئەمریکا لەعێراق، کەوشەکانی خۆی لە سەرۆچاوی سەرۆك کۆماری ئەمریکا گرت.

**ئورووپا -**

**مێدوێدێف بوو بە جێگرەوەی پوتین**

لە روسیە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٨ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تازەی بەدواوە بوو. بەڵام هیچ گۆڕانکارییێکمان لە سیاسەتەکاتی ئەو دەوڵەتەدا بەدی نەکرد. "دیمێتری مێدوێدێف" بوو بە جێگری پوتین. لە مانگی ئووت شەڕێك لەنێوان



گورجستان و رووسیە هاتە ئاراوە. لە سەرەتادا گورجستان هێرشی کردە سەر ئوسیتیای باشوور و لە دواییدا روسیە بەبیانووی ئەوەی کە هاوڵاتیان و ئاشتیوانەکانی روسی لەو ناوچەیەن، هاتە ناو شەڕەکەوە. لەدوای چەند حەوتوو شەڕ، دوو لایەن ئاگربڕیان راگەیاند. بەفەرمی ناسینی دوو ناوچەی خودموختاری ئوسیتیای باشوور و ئابخازیا لە لایەن رووسیەوە لەگەڵ نارەزایەتیی گورجستان و وڵاتانی رۆژئاوا بەرەوڕوو بوو.

**گیرانی رێبەری سیربییەکانی بۆسنی:**

گیرانی رادون کاراجیچ رێبەری سربیەکانی بۆسنی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆیی ی ئەو ولاتە لە دەیەی ١٩٩٠، رۆژی ٢١ی ژووئیەی ٢٠٠٨، لەلایەن پۆلیسی سربستان لە بیلگرادی پێتەختی ئەو ولاتە، سەرنجی راگەیێندنەکانی بۆلای خۆی راکێشا. کاراجیچ بەتۆمەتی تاوانەکانی شەڕ و کۆمەڵکوژی لە کاتی شەڕی ناوخۆیی بۆسنی بەرەوڕووە. تاکاتی گیرانی بۆ ماوەی دوازدە ساڵ بە ناسنامەی دەستکرد و بە ریش و مووی درێژەوە لە سربستان ژیانی بەسەر دەبرد.

**ئاڵۆزی لە یونان:**

لەدوای کوژرانی گەنجێك لەلایەن پۆلیسی یونانەوە لە شاری ئاتین لە دەسپێکی دوایین مانگی ساڵ، چەندین شاری دیکەی ئەو ولاتە ئاڵۆزییان تێکەوت. ئەو ئاڵۆزیانە ٩ رۆژیان خایاند. بەپێی راپرسیی رۆژنامەیێکی یۆنانی، زۆربەی خەڵك پێیان وابوو کە ئەو نائارامیانە دژبە بارودۆخی ئابووری وڵات بوو تاکوو دژکردەوە بە کوشتنی ئەو گەنجە.

**ئامریکا:**

**دەست لەکارکێشانەوەی کاسترۆ لەدوای ٥٠ ساڵ**

لە مانگی فێوریەدا کوبا پێی نایە قۆناغێکی تازە لە مێژووی خۆیدا. فیدل کاسترۆ رێبەری کوبا کە لە ساڵی ١٩٥٩وە دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بەدەستەوە گرتبوو، بەهۆی نەخۆشی دەستی لەکار کێشاوە و ئیدارەکردنی وڵاتی بە براچوکەکەی رائول کاسترۆ سپارد. هەرچەند رائول وتبووی درێژەدەری رێگای براکەی دەبێ، بەڵام لەکاتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات تائێستا دەستی داوەتە چەندین گۆڕانکاریی گەورە. بۆ وێنە کەڵك وەرگرتن لە کامپیوتێر، موبایل و دەزگای پەخشی سی دی کە لە دەورانی فیدل کاسترۆدا قەدەغە بوون.

**ئازادبوونی بارمتەی فەرانسەوی لە کۆلۆمبیا**

کۆلۆمبیا و چریکەکانی فارك گرینگترین سەردێڕی هەواڵەکان بوون لە مانگی ژوئیەدا. "ئینگرید بتانکۆز" بارمتەی فەڕانسەوی ـ کۆلۆمبیایی کە نزیك ٦ ساڵ دیلی چریکەکانی فارك بوو. ناوبراو ناسراوترین بارمتەی فارك بوو و دەوڵەتی فەرانسە هەوڵی زۆری بۆ ئازادکردنی دا.

**ئۆباما، ٤٤مین سەرۆک کۆماری ئەمریکا:**

ساڵ ٢٠٠٨ ساڵی ئەمریکا بوو. جیهان چاوەڕوان بوون بزانن کێ لەدوای ٨ ساڵ جێگەی جۆرج بوش دەگرێتەوە. پاڵێوراوەکان بۆ وەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆماریی ئەمریکا، جان مەك کین لە حیزبی کۆماریخواز و باراك ئۆباما لە حیزبی دیموکرات بوون. هەردووکیان رێگاییێکی سەخت و دژواریان بڕی تا گەیشتنە کاندیداتۆریی حیزبەکەیان. کێبەرکێی هەڵبژاردنی حیزبی دیموکرات لەنێوان هیلاری کلینتۆن و ئۆباما زۆر



لێك نزیك بوو لەکۆتاییدا ئۆباما بوو پاڵێوراوی حیزبی دێموکرات. هەروەها ئۆباما توانی بە سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر سیناتۆر جان مەك کیندا ببێتە یەکەمین سەرۆك کۆماری رش پێستی ئەمریکا و بچێتە کۆشکی سپی.

سەرچاوە ئیتێرنێت

***

## گاردیەن داوای دادگایی کردنی ئەحمەدی نژادی کرد لە دادگای لاهە



رۆژنامەی گاردیەنی چاپی بریتانیا داوای دادگایی کردنی پاسدار ئەحمەدی نژادی لە دادگای لاهە وەك نیشانەی رژیمێکی چەپەڵ کرد بە هۆی کوشتار و جینایەت دژ بە خەڵکی ئێران و ناردنی ترۆریست بۆ وەڵاتانی ناوچەکە.

ئەو رۆژنامە نووسی بڵاوکردنەوەی پەیامی کریسمەسی پاسدار ئەحمەدی نژاد لەلایەن تەلەویزیونی ٤ی بریتانیا بێ رێزی بوو بە زیاتر لە ١٠٠ هەزار ئێرانی کە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی بە دەستی ئەحمەدی نژادەکان لە ئێراندا کوژراون. تەلەویزیونی ٤ فریوی خواردوە و لەگەڵ ملهورێك رێ کەوتووە و ئیزنی بە خۆی داوە تا لەگەڵ کەسێکی بێ بەزەیی و رژیمێکی دڵڕەق کە بە دوای کڕینەوەی ئابروی خۆیەتی نزیکایەتی بکا.

گاردیەن نووسی پەیامی کریسمەسی ئەحمەدی نژاد داستانێکی پیس بوو، پەیامەکەی بە شێوەیێك دارێژرابوو کە راستی بێ بەزەیی بوونی رژیمی تارانی داپۆشێ، کردەوەی ناوبراو دژ بە خەڵکی ئێران دوورە لە هەر جۆرە رەحم و خۆشەویستی و عەداڵەت و مرۆڤایەتی. رژیمی تاران بە شێوەیێکی وەحشیانە هەموو نارازی و نەیارانی خۆی سەرکوت دەکا.

ئەو رۆژنامە، نووسی هەر لە کریسمەسی ئەم ساڵدا هەزاران خانەوادەی ئێرانی لە نارەحەتی و ناخۆشیدا دەژین. ئازیزەکانیان یا لە زینداندان یا لە ژێر شکەنجە یان چاوەرێی ئێعدامن. بە جێی ئەوەی کە ئەو قوربانیانە بانگکرێن و پەیامی کریسمەس بدەن، تەلەویزیونی ٤ی بریتانیا ئەو هەلەی بە کەسێك دا کە بەرپرسی دەرد و ئازار و کوژرانی ئازیزانی ئەو خانەوادانەیە.

گاردیەن دەنووسێ سەرکوتی خەڵکی ئێران بۆ ئەحمەدی نژاد بەس نیە. رژیمەکەی ئەو دەرد و ئازارانە دەنێرێ بۆ خەڵکی دەرەوەی ئێران. جوێ لەوانە زۆرێك لەو جینایەتانەی لە عێراق دا روو دەدەن لەلایەن دەست و پێوەندەکانی رژیمی ئێرانەوە ئەنجام دەدرێن.